# وەزارەتی مافی مرۆڤ
# کێشەی گواستنەوەی ئاوی بەندیخانەی سلێمانی چارەسەرکرد

**راگەیاندنی وەزارەت:**

لە چوارچێوەی بەدواداچوون و لێپێچینەوە لەرەوشی بەندیخانەکان و پڕکردنەوەی کەموکورییەکان و بەشداریکردنی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە کەمکردنەوەی گرفتەکان بەتایبەت لەرووی دابینکردنی ئاو بۆ بەندیخانەکان سەر لەبەیانی رۆژی ٥/٢/٢٠٠٨ بەڕێز عەبدوڵلا دلێر بەڕێوبەری گشتی دیوان لە وەزارەتی مافی مرۆڤ بەیاوەری ژمارەیەک لە لێپرسراوانی بەڕێوبەرایەتی فەرمانگەی سلێمانی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی بەشی ژنانی کرد..

لەم سەردانەدا وێڕای ئەوەی کە گفتوگۆ لەسەر کۆمەڵێک مەسەلە کرا کە پەیوەست بوون بە رەوشی مافی مرۆڤ لە بەندیخانەکاندا و ئەو کەموکورییانەی کە پێویستە بۆ ئەم فەرمانگەیە دابینبکرێ بەڕێوەبەری گشتی دیوان لەمەراسیمێکدا تانکەرێکی ئاوی بەناوی وەزارەتەوە پێشکەش بە بەشی ژنانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی کرد...

لەبەرانبەردا خاتوو پرشنگ کەریم قادر بەڕێوەبەری چاکسازی کۆمەڵایەتی بەشی ژنان خۆشحاڵی خۆی دەربری و ئەم دەستپێشخەرییەی وەزارەتی مافی مرۆڤی بەرز نرخاند و ئەوەشی راگەیاند کە ئەم جۆرە کارانە بەشێکە لە بەسەرکردنەوەی مرۆڤایەتی و بەجێهێنانی رێنماییەکانی مافی مرۆڤ.

## رێکخراوی (کوردیش ئەنتەرناسیۆنال)ی نەرویجی سەردانی مافی مرۆڤی کرد

بەمەبەستی هەماهەنگی نێوان وەزارەتی مافی مرۆڤ و رێکخراوی جیهانیە کاری چالاک لە بواری مافی مرۆڤ و بۆ زیاتر قوڵبونەوە بەناو چەسپاندنی رێنماییەکانی مافی مرۆڤ و چۆنیەتی کارکردنی رەوشەکە لە کوردستاندا.

ئەمرۆ ٣١/١ لەدیوانی وەزارەت **بەڕێز د. شوان محمد عەزیز،** وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە خاتوو (چەلەنگ) لە رێکخراوی کوردیش ئەنتەرناسیۆنالی نەرویجی کرد وێڕای بەخێرهێنانیان خۆشحاڵی دەربرین بەم سەردان و نزیکبوونەوە لە یەکتری و گوێ گرتن لە راوبۆچوونی یەکتر لەمەر رەوشی مافەکانی مرۆڤ... وەزیری مافی مرۆڤ بەروونی باسی لەو کارو پرۆژانە کرد کە لە ساڵی رابردوودا وەزارەت جێ بەجێی کردوون و لە هەمووشی گرنگتر تا رادەیەک ئاشناکردنی رەوشی مافی مرۆڤ بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هەموو لایەنە زانستیەکانیەوە، ئەوەشی راگەیاند کە ئەمساڵ کارەکان بەردەوام دەبێ بە نیازیشین بەرنامەکانمان لەلادێکان چرتر بکەینەوە بۆ پێناسەکردنی زیاتری رەوشی مافی مرۆڤ لەناو لادێ نشینەکان و خوێندنی وانەی مافی مرۆڤ لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن کە تا ئێستاکە سەرانسەری کوردستان دەخوێندرێ پەرەی زیاتری پێ بدرێ.

لەبەرامبەردا خاتوو (چەلەنگ) پرۆژەیەکی رێکخراوەکەی خۆی خستە روو کە بەنیازن کار بەیەکسانی مافەکانی منداڵان لە پێدانی کور و کچ لە قوتابخانەکان بکەن و لەم رووەوە خولی راهێنان بۆ مامۆستایان لە کوردستان بکەنەوە بۆ زیاتر تێگەیاندن و چەسپاندنی ئەم رێنماییانە... هەروەها ئاماژەی بەوەدا کەدەبێ وەزارەتی پەروەردە رۆڵی گرنگ لەم بوارەدا بگێرێ.. لەلایەکی دیکەوە ستایشی رۆڵی وەزارەتی مافی مرۆڤی کرد کە لەم ماوە کورتەدا توانیویەتی ژمارەیەک کاری باشبکات بۆ چەسپاندن و ئاشناکردنی مافەکانی مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا....

هەر لەم دانیشتنەدا کە بەڕێوەبەری گشتی دیوان ئامادەیبوو و وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتی هاوکاری وەزارەتەکەی کردەوە بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیەو بە کارێکی زۆر باشی وەسفکرد.